



ئەرشیف.. بایەخ و گرنگییەکەی

ئازاد عەبدولواحید
(٢- ٢)

دەتوانین گرنگیی ئەرشیف و تۆماری دەنگی، لەو چەند خاڵەدا چڕ بکەینەوە:

• ئەرشیف ئەو یادگە و یادەوەرییە زیندووەیە کە داوودەزگاکان و کۆمەڵگەکان بەرهەمیان هێناون، لە بەڵگەنامە و دەنگی تۆمارکراو و وێنە و زانیاری، بەمەش یادەوەری مێژوویی و کولتووریی میللەتێک دەپارێزرێ.

• پاراستنی کەلەپووری گۆرانی لە فەوتان و لەناوچوون، بەتایبەتی گۆرانییە فۆلکلۆری و میلۆدییە دێرینەکان، کە لەوانەیە تۆمارکراوی زۆر دەگمەن و دانسقە بن و دانەیان لە شوێنی دی بەدەست نەکەون.

• پاراستنی بەرهەمی هونەریی هونەرمەندان و گۆرانیبێژەکان کە لە مێژووی گۆرانی و موزیکی کوردیدا بەشداربوون.

• ئەو ئەرشیفە، بۆ توێژینەوە لە پێشکەوتنی هونەری گۆرانی و موزیک و شێوەی چڕینی گۆرانیبێژەکان، یارمەتی توێژەرەکان دەدا.

• ناسین و ئاشنابوونی وەچەی نوێ، بە بەرهەمی نەوەکانی پابوردوو.

• پاراستنی واژە و دەستەواژە و شێوەزارەکانی زمانی کوردی و شێوازی موزیکی لۆکاڵی هەموو ناوچە و دەڤەرەکانی کوردستان.

• ئەو ئەرشیفە دەبێتە کەرستەیەکی دەوڵەمەندی ڕەسەن و زیندوو، بۆ هەر فیلمێکی دوکیۆمێنتاری و توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و لە کار و بەرهەمی هونەریی هونەرمەندانا کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

• دەبێتە باشترین کەرستەی خاو بۆ نەوەی نوێ، تا ئەو کار و بەرهەمە دێرین و کۆنانە، بەشێوازی نوێ بخەنەوە بەردەستی گوێگرانی ئەوڕۆ.

* گەورەترین گرفتی ئەو ئەرشیفە دەنگییانە ئەوەیە کە ئەگەر بەباشی هەڵنەگیرێن، دوور نییە لەنێو بچن، بۆیە دەبێ پێش هەموو شتێک نوسخە- دانەیان لێ زۆر بکرێ و لە شوێنی جودا جودا دابنرێن، ئەوەش باشترین کارێکە بۆ مانەوەیان، چونکە ئەو تۆمارکراوانە هەتا هەتایێ پارێزراو نابن، ئەوانە بەهۆی تەپوتۆز و شێ و گەرمی و ساردی و ڕووناکی بەتین، یان بە باشی هەڵنەگرتنیان تێک دەچن، بۆیە بەتێپەڕینی ساڵەکان و کات و ڕۆژگار، ڕوو لە نەمان و فەوتان دەکەن، تەنیا ئەوەندەش بەس نییە ئەو کاسێت و تێپ (بەکرە) و ڤیدیۆیانە بپارێزرێن، بەڵکوو پێویستیان بە ژمارە بۆ دانان و پۆلێنکردنیانە، تا بکرێن بە تۆمارێکی دەنگیی کوالێتی بەرز، لەگەڵ هەوڵدان بۆ پاراستنی نوسخەی ئورجینااڵ- ڕەسەنەکە و هەڵگرتنیان.

* ئەو ئەرشیفە پۆلێنکراوە ژمارەییە، ئەرشیفێکی نوێی سەردەمیانەیە کە تەنیا گۆڕینی تۆمارەدەنگییەکە بۆ ژمارە نییە، بگرە پێویستە زانیاری ورد لە بارەی ئەو کەرستە ئەرشیفیانە بنووسرێن، لەوانەش ناوی تەواوی هونەرمەندەکە، دەنگبێژەکە، ناوی گۆرانییەکە، ناوی شاعیر و ئاوازدانەر و دابەشکار و ئەوانەی پێشەکی مۆسیقایان بۆ گۆرانییەکە داناوە، هەروەها ڕۆژی تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکە، ناوی بەرنامەکە، یان ئەو بۆنەیەی گۆرانییەکەی تێدا پێشکەش کراوە، ئەوجا لەگەڵ ماوەی گۆرانییە تۆمارکراوەکە چەندی خایاندووە، باسی باشی و خراپی تۆمارکراوەکە، دەستنیشانکردنی شوێنی پاراستنی بنووسرێ، باشتریشە بۆ هەموو ئەگەرەکان زیاتر لە دانەیەکی لەبەر بگیرێتەوە و لە شوێنی جیا جیادا بپارێزرێن. ئەرشیفی دەنگی و ئێزگەیی، پاراستنی یادگەیەکی گرنگی بیستن و سەرچاوەیەکی کولتووری کۆمەڵە، فەوتانی دەنگی دەگمەن و دانسقەی تۆمارکراو، بەواتای فەوتانی بەشێکی گرنگ لە تۆمارە کۆنەکانی مێژوومان دێ، کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە، بۆیە تەقەتکردن و بەباشی هەڵگرتنی ئەو تۆمارکراوە دەنگییانە و ژمارە بۆ دانان و پۆلێنکردن و خستنەوە بەردەستی توێژەرەوەکان و وەچەی داهاتوو، ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی و کولتووری گەورەیە، ئەوە تەنیا کارێکی تەکنیکی نییە.

هەر بەو بۆنەیەوە، خوێنەرانی گۆڤارەکەمان لە هەڤپەیڤینێکی گرنگ ئاگادار دەکەمەوە کە لە ژمارەی داهاتوو، لەگەڵ عاشقە ئەرشیفێکی گەورەی کورد کردوومە.